# چۆن ڕۆمان بنووسین؟

پ. ی. د. نەجم ئەڵوەنی
(زانکۆی سەڵاحەددین - کۆلێژی زمان)

لەم سەردەمەدا زۆر کەس هەن دەستیان داوەتە ڕۆمان نووسین بێ ئەوەی ئاگاداری ئەوەبن کە پرۆسەی ڕۆماننووسین گەلێ سەختەو بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات.

بەڕێزی وەها ڕۆمانی نووسیوە کە ئاشنای هونەرەکانی گێڕانەوە نییە و نازانێ تەنانەت سەرەتا و کۆتایی ڕۆمان پێکەوە بگونجێنێ، کە ئەمەش یەکێکە لە بنەما هەرەسەرەکی و هەرەگرنگەکانی ئەم جۆرە نووسینە، ئەگەرچی ئەرستۆ لە کتێبی (شیعرییەت)دا کە بە هەڵە بە (هونەری شیعر) ناسراوە، لەمێژە ئاماژەی بە گرنگیی ئەم لایەنە کردووە.

هەر ڕۆمانێک لە دەیان هێشووە ڕووداو پێک دێت و گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە ئەوەندە گرنگ نییە بە ئەندازەی ئەوەی چۆنیەتی ڕێکخستنی نێوان ئەو ڕووداوانە گرنگە کە ڕەخنەی بنیادگەری ناوی لێناوە بنیادی ناوەوەی دەق.

نووسەرانی کتێبی (جیهانی ڕۆمان)، واتە (ڕۆلان بۆرنۆف و ڕیاڵ ئۆئیلیە)، سەبارەت بە گرنگی گونجانی نێوان سەرەتا و کۆتایی ڕۆمان دەڵێن: «گونجانی نێوان سەرەتا و کۆتایی بەڵگەیە بۆ ئەو یەکگرتوویەی لە بنیادی چیرۆکدا هەیە، هەروەها ئامرازێکی نایابە ڕۆماننووس بۆ گوزارشتکردن لە هزر و جیهانبینی خۆی بەکاری دەهێنێ. لە سەرەتاوە

کۆمەڵێ پرسیار دەکرێت و بەرەوپێشچوونی چیرۆکەکە، بەتایبەتی کۆتاییەکەی وەڵامە بۆ ئەو پرسیارانە» (ل٤٥). ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشای دۆخی هەندێ نووسین بکەین کە لەم وڵاتەی ئێمەدا بێ ترس ناوی ڕۆمانیان لێ نراوە، تووشی هێدمە دەبین، چونکە نووسەرەکانیان هێندە لە چۆنیەتی نووسین و هونەرەکانی گێڕانەوە بێ ئاگان، تەنانەت بەراییترین هەنگاوەکانی هونەری ئەم ژانرە نازانن و وا تێگەیشتوون نووسینی ڕۆمان وەک گێڕانەوەی حیکایەتەکانی شەوانی بەر ئاگردانی زستانە، بگرە هەندێکیان گەلێ ئاستیان لەو حیکایەتانەش نزمترە.

ڕۆمان دەقێک نییە بۆ گوتاردان و ئامۆژگاری و پەند، هەروەها دەقێک نییە بۆ ئاراستەکردنی ڕاستەوخۆی ئایدیۆلۆژیای نووسەر، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناوەکی، واتە بە ناڕاستەوخۆ دەکرێت ئەمانەش لە خۆ بگرێت.

یەکێک لە خەوشە گەورەکانی نووسینی ڕۆمان، باڵادەست بوونی یەکلایەنانەی هزری نووسەرە، ئەمە زەمینە بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی یەک دەنگی ساز دەکات کە بە خراوترین و نزمترین جۆرەکانی ڕۆمان دادەنرێ و جۆرە بانگەشەیەکە بۆ هزری شمولی تاک ڕەهەند، داکۆکی کردن و پشتگیری کردنە لە سستمێکی دەسەڵاتداری کە بڕوای بە هزری جیاواز نییە و ڕێگری لە دانوستانی نێوان دەنگە جیاوازەکان دەکات، لە بەر ئەوە و بۆ سەرکۆنەکردنی ئەم جۆرە ڕۆمانە، نووسەری ناوداری بواری گێڕانەوە (میخائیل باختین) زاراوەی ڕۆمانی فرەدەنگی هێنایە ئاراوە کە تەواو پێچەوانەی چەمکی زاراوەی یەکەمە. ئەمەشیانی لە باسی ڕۆمانەکانی دەستۆیڤسکی دا خستووەتە بەرچاو.

ڕۆمانی ئایدیۆلۆژی، ڕۆمانێکە بە سەر یەک هزردا داخراوە و هەوڵێکە بۆ ملکەچکردنی خوێنەر بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیا تاک ڕەهەندەی کە خۆی بڕوای پێیەتی، بەمەش ڕێ لە کارلێکی نێوان خوێنەر و دەق دەگرێ کە لە تیۆری پێشوازی دەقدا باس کراوە. نووسەری ئەم جۆرە ڕۆمانە کە بەداخەوە لای ئێمە زۆرن، هیچ دەرفەتێک بۆ خوێنەر ناهێڵنەوە بۆ ئەوەی تێکەڵی دەقی ڕۆمانەکە ببێ و ئەوەی نەگوتراوە، یان نووسەر نەیدرکاندووە، ئەو بەخۆی پڕیان بکاتەوە، یان ئاشکرایان بکات.

لایەنێکی دیکەی گرنگی ڕۆمان، ئاشنا بوونە بە زاراوەکانی گێڕانەوە. لەبەر ئەوەی زۆربەی ڕۆماننووسانی کورد باکگراوندێکی ڕەخنەیی و مەعریفی تۆکمە، یان پێویستیان لەم بارەیەوە نییە، تێکەڵاوییەکی سەیریان لە نێوان ژیاننامە و ڕۆمان، یادداشتی ڕۆژانە و ڕۆمان، گەشتنامە و ڕۆمان و مێژوونووسین و ڕۆماندا کردووە. هەریەک لەمانە تەکنیک و شێوازی گێڕانەوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بێ ئاشنا بوون بەوانە، هەرگیز ناتوانرێ سنووری نێوان ئەو جۆرانەی نووسین لێک جیا بکرێنەوە.

بۆ نموونە ژیاننامەی خودی، گرێبەستی ڕاستگۆیی گێڕانەوەی ئەزموونی نووسەرەکەی لە خۆ دەگرێت، نابێ ئەو نووسەرە بەهیچ شێوەیەک ڕووداوی خەیاڵی و کەسانی ناڕاستەقینە تێکەڵی نووسین بکات، لە کاتێکدا نووسەری ڕۆمان زۆر ئاساییە ڕووداو دەخوڵقێنێ و کارەکتەری خەیاڵی، یان وێناکراو دەهێنێتە نێو دەقەکەیەوە و کەسیش بۆی نییە لەم بارەیەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، چونکە ڕۆماننووس مێژووی ژیانی خۆی ناگێڕێتەوە و ناشبێ یەکسان بکرێ لەگەڵ بگێڕەوەی دەقەکەیدا. لەم بارەیەوە (ژیرار ژنێت)

لـە کتێبـی (گوتـاری گێڕانـەوە) دا ئاماژە بـەوە دەکات کـە بگێـڕەوەی ڕۆمانـی (باوکـە گۆریـۆ) خودی بەلـزاک نییە و ناشکرێ دۆخی بگێڕەوەیەکی خەیاڵیی نێـو حیکایەتێکی وێناکراو بەهاوشێوەی دۆخـی ژیانـی نووسـەرێکی واقیعـی ڕاسـتەقینە بزانیـن (ل٢٢٨ - ٢٢٩)، کەچـی بگێـڕەوەی دەقـی ژیاننامـەی خـودی، هەمـان نووسـەری ڕاسـتەقینەی دەقەکەیـە.

لـە هەنـدێ ڕۆمانـی کوردیـدا، نووسـەرەکەی بەجۆرێ دەقەکە دەگێڕێتـەوە کـە خۆی لـە باتـی بگێڕەوە و کارەکتـەرەکان بیـر دەکاتـەوە و هـزر دەنوێنـێ و جیهانبینـی خـۆی پیشـان دەدات، ئەمـەش تەنیـا ڕۆماننووسـە بـێ ئەزموونـەکان ناگرێتـەوە، بەڵکـوو هەنـدێ لـە ڕۆماننووسـانی نـاوداری وەک بەختیـار عەلـی بەنموونـەی ڕۆمانـی (ئێـوارەی پەروانـە) و (دەریـاس و لاشـەکان) و عەبدوڵڵا سـەراج بەنموونـەی ڕۆمانـی (کاولاش) و محەمـەد موکـری بەنموونـەی ڕۆمانـی (هـەرەس) و حسـێن عـارف بەنموونـەی هـەردوو بەرگـی ڕۆمانـی (شـار) و خەسـرەو جـاف بەنموونـەی ڕۆمانـی (دەغـدو) و (پاشـایان کوشـت) و ئـەو ڕۆمانـەی لەسـەر (نالـی)ی شـاعیر لـە ژێـر نـاوی (شـازادە و شـاعیر) نووسیویەتی، هەمـوو ئەوانـە دەگرێتـەوە، ئەمـەش هەڵەیەکـی مەترسـیدارە وەک (ترزڤیتـان تـۆدۆرۆڤ) لـە کتێبـی (ئـەدەب و دەلالـەت) لـە لاپـەڕە (٨٤)دا ئامـاژەی پێـداوە و گوتوویەتـی: «وا پـێ دەچێـت ئـەم تێکەڵاوییـە زۆر مەترسـیدارتربێ، چونکـە نابـێ بگێـڕەوە، بـە خـودی نووسـەر بزانیـن، بـۆ نموونـە هەرگیـز (فالمـۆن) لـە ڕۆمانی (پێوەندییـە ترسـناکەکان)ی - لاکلـۆ- دا خـودی نووسـەر نییـە، بەڵکـوو ئـەو تەنیـا کارەکتەرێکـە بـە شـێوەیەکی کاتـی ئەرکـی گوتنـی پـێ سـپێردراوە». بێجگـە لەمـەش گەلـێ جـار وازانـراوە، یـان هەنـدێ نووسـەری ڕۆمانـی کـوردی وای بۆچوونـە کـە بگێـڕەوەی دەقەکـەی هەمـان کارەکتـەری سـەرەکی ڕۆمانەکەیەتـی، ئەمـەش زیاتـر لـەو ڕۆمانانـەدا تێبینـی دەکـرێ کـە دەقەکـە بـە ڕاناوی (مـن) پێشـکەش کـراوە، بـەڵام ڕاستییەکەی بـە گوێرەی زانسـتی گێڕانـەوە و گـەورە تیۆرناسـەکانی ئـەم بـوارە کـە یەکێـک لـەوان (تۆدۆرۆڤ)ـە، لـە هەمـان سـەرچاوەی ئامـاژە پێکـراو لـە لاپـەڕە (٨٥)دا بـە ڕوونـی ئـەم دوو توخمـەی گێڕانـەوە لەیـەک جیادەکاتـەوە و دەڵێـت: بگێـڕەوە بکـەری ئـەو گوتراوەیـە کـە کتێبێـک دەنوێنـێ. ئـەوە بگێڕەوەیـە لـە چـاوی ئـەم و ئـەو کارەکتـەرەوە کارەکانمـان پیشـان دەدات، یـان بڕیـار دەدات لـە ڕێـی دیالۆگـی دوو کارەکتـەرەوە گۆڕانێـک، یـان وەسفێکی بابەتیمان بـۆ بگوازێتـەوە. دەتوانیـن ئەمـەش بەزەقـی لـە ڕۆمانەکانـی (عەزیـزی مـەلا ڕەش) بەنموونـەی (غـەوارە) و ڕۆمانـی (خـەوی پساوەی قەندیل)ی کەریـم کاکـەدا بدۆزینـەوە.

شێوازەکانی پێشکەشکردنی کارەکتـەر، یەکێکی دیکەیـە لـە گـرێ کوێرەکانـی ڕۆماننووسـی لای ئێمـە. کاتـی خـۆی (هێنـری جێمـس) لـە کتێبـی (هونـەری ڕۆمـان) و پێرسـی لەبـووک لـە کتێبـی (پیشـەی ڕۆمـان)و پێـش ئەوانیـش بـە سـەدان سـاڵ (ئەفلاتـوون) لـە کتێبـی (کۆمـار)دا ئـەو شـێوازانەیان دابەشـی دوو جـۆری سـەرەکی کـردووە کـە ئەمانـەن:

- شێوازی پانۆرامی.
- شێوازی درامی.

هەریـەک لـە مانـە ڕۆڵیـان لـە چۆنیەتـی دامەزراندنـی بنیـادی هونەریـی کارەکتـەر هەیـە و ڕێ پێدانـی بـۆ ئـەوەی ڕۆڵ لـە ڕووداوەکانـدا بگێـڕێ.

لە شێوازی یەکەمدا، بگێڕەوە کارەکتەرەکان پێشکەش دەکات و بە خوێنەری دەناسێنێ، کەچی لە شێوازی دووەمدا، بگێڕەوە ڕێ بەوان دەدات لە ڕێی کردار و گوفتارەکانی خۆیانەوە، خوێنەر بیانناسێت.

شێوازی یەکەم جۆرە گۆشەنیگایەک بە بگێڕەوە دەدات پێی دەگوترێ: گۆشەنیگای بابەتی، کەچی دووەم جۆرە گۆشەنیگایەک بە بگێڕەوە دەدات کە پێی دەگوترێت: خودی.

گۆشەنیگای بابەتی ڕاناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی نادیار دەخوازێت و لە دواوە تەماشای کارەکتەرەکان دەکات، بەڵام گۆشەنیگای خودی ڕاناوی (من) دەخوازێت و لەناو ڕووداوەکاندا شان بەشانی کارەکتەر دەڕوات.

بەکارهێنانی گۆشەنیگای بابەتی، بگێڕەوە دەکاتە هەمووشتزان و دەسەڵاتێکی بێ سنووری پێ دەدات چ لەڕووی ڕێکخستنی سستمی گێڕانەوەوە، چ لە ڕووی پێشکەشکردن و ناساندنی کارەکتەرەکاندا. ئەم بگێڕەوەیە هەموو شتێک سەبارەت بە کارەکتەرەکان دەزانێ و هیچ شتێکی ئەوان نییە ئەم درکی پێ نەکات، بەڵام بەکارهێنانی گۆشەنیگای خودی، سنوور بۆ زانیارییەکانی بگێڕەوە دادەنێ و وای لێ دەکات یەکسانی زانیارییەکانی کارەکتەر بێ.

شێوازی پانۆرامی، زەمەنی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکاتە ڕابوردوو، کەچی شێوازی درامی، یان خودی، ڕووداو هاوکاتی گێڕانەوە دەکات، یان وەهمی ئەم هاوکاتییە لای خوێنەر دروست دەکات.

لەبارەی پێوەندی نێوان بگێڕەوە و کارەکتەرەوە (مۆریس ئەبوو نازیر) لە کتێبی: (زمانەوانی و ڕەخنەی ئەدەبی، ل ١١٨)دا دەڵێ: « بگێڕەوە چ بە شێوەی قسەکەر- خودی- بێ و چ بە شێوەی نادیار- بابەتی- بێ ئەوە لە گۆشەیەکی ئەندازەیی دیاری کراوەوە کارەکتەرەکانی دەبینێت. لە دەرەوە و ناوەوە تەماشای ئەوان دەکات، هزر و بیریان شی دەکاتەوە، هەڵوەستە بەرانبەر قسە و گوفتارەکانیان دەکات و کار و کردەوەکانیان هەڵدەسەنگێنێ». ئەم بۆچوونە بەشێکی دروستە، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بە بگێڕەوەی هەمووشتزانەوەیە، بەشێکیشی دروست نییە، چونکە بگێڕەوەی خودی، یان درامی لەلایەن نووسەرەوە دەسەڵاتەکانی سنووردارکراوە و بۆی نییە هەمان دەسەڵاتی بگێڕەوەی هەمووشتزانی هەبێت.

ڕۆماننووسی کورد دەبێ زۆر وریا و شارەزای گێڕانەوەی درامی بێ و بزانێ چۆن لە ڕۆماندا بەکاری بهێنێ، شێوازی ڕاستەوخۆ کە شێوازێکی درامییە دەتوانێ کارەکتەر و کردارەکانی بە چەشنی شانۆ لەبەر چاومان پێشکەش بکات، یان وەک مارسیل پرۆست لە ڕۆمانی (گەڕان بەدوای زەمەنی لەدەستچوو)دا بزانێ چۆن زەینی کارەکتەر بکاتە شانۆ و لەوێوە ڕووداوەکانمان پێشکەش بکات. بۆ زانیاری لەسەر ئەو بۆچوونانە سوودمان لە کتێبی (جیهانی ڕۆمان)، لاپەڕە (٥٤ - ٥٥) وەرگرتووە کە لە نووسینی (ڕۆڵان بۆرنۆف و ڕیاڵ ئۆئیلیە)یە.

هەموومان دەزانین ڕۆمان بەگشتی دەقێکی درێژە، لەوانەیە باسی دەیان ساڵ لە ژیانی کارەکتەرێک، یان بنەماڵەی چەند کارەکتەرێک بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێ هەموو ڕووداوەکانی ڕۆمانێک لە بیست و چوارسەعاتدا ڕووبدەن وەک لەڕۆمانی (ئۆلیس)ی (جیمس جۆیز)دا پەیڕەوکراوە، لەوانەشە تەنیا چەند سەعاتێک بخایەنێت وەک لە ڕۆمانی (تۆڵە)ی (محەمەد موکری)دا دەبینرێت و

ڕووداوەکان بە فلاشباک، واتە گەڕانەوە بۆ دواوە پاش چالاکییەکی پێشمەرگە دژی سەنگەرێکی سوپای عێراق لە سەردەمی بەعسدا دەست پێدەکات و تەواو دەبێ، یان ماوەی کەمتر لە سەعاتێک بخایەنێ وەک لە ڕۆمانی (هێلانە)ی حسێن عارف دا ئاشکرا دەبێ. لەم ڕۆمانەشدا، بگێڕەوە بە فلاشباک لە ڕێی زەینی (سوبحان)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە بۆ سالان و ڕۆژانی پڕ خۆشی و ئاسوودەیی پێش ئەنفالمان دەباتەوە. لەم ڕۆمانانەدا دەیان، بگرە سەدان ڕووداو و بەسەرهاتی دیکە باس کراون و بەهەمان شێوە دەیان و سەدان ڕووداوی دیکە لابراون، یان بە کورتی خراونەتە نێو دەقەکانەوە، چونکە ناکرێ و ڕۆماننووس چەند خاوەن توانایی و نەفەسی درێژبێ، ناتوانێ هەموویان بگێڕێتەوە. بۆ ئەمەش پەنا دەبەنە بەر دوو تەکنیکی گرنگ بۆ خێراکردنەوەی جووڵەی گێڕانەوە تا خوێنەر لە درێژدادڕی دەقەکان بێزار نەبێ، ئەو دوو تەکنیکانەش ئەمانەن:

١- لابردن.

٢- کورتکردنەوە.

لە لابردندا: بۆ ئەوەی ڕۆماننووس خۆی لە باسکردنی ڕووداوی بێ بەها دوور بخاتەوە، جاری وا هەیە بەسەر چەندان ڕووداودا باز دەدات کە لەوانەیە دەیان و سەدان جار لە ژیانی کارەکتەرەکاندا دووبارە ببنەوە، وەک خەوتن، لە خەو هەستان، چێشت خواردن...تاد.

لە کورتکردنەوەشدا: نووسەر ئاماژە بە هەندێ ڕووداو دەکات بێ ئەوەی بایەخ بە باسکردنی وردەکارییەکانیان بدات (بڕوانە: مۆریس ئەبوو نازیر، زمانەوانی و ڕەخنەی ئەدەبی، ل ١١٤).

بەرانبەر ئەو تەکنیکانەی خێرایی کردنەوەی گێڕانەوە، چەندان تەکنیکی دیکە هەنە ڕۆماننووس بۆ خاوکردنەوە، یان وەستانی جووڵەی گێڕانەوە بەکاری دەهێنێ وەک مەشهەد و وەسف. کە لەیەکەمیاندا: ڕووداوەکان بە تەواوی وردەکارییەکانیانەوە لە لایەن بگێڕەووەوە بە دیالۆگ، یان گێڕانەوەی ئاسایی پێشکەش دەکرێن (بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل١١٥). بەهۆی مەشهەدەوە، نووسەر دەیەوێت هاوتەریبی لە نێوان زەمەنی ڕووداو و زەمەنی گێڕانەوەدا بکات.

لە دووەمیشدا: ڕووداو ڕادەگیرێ تا ئەو کاتەی برگە وەسفییەکە تەواو دەبێ. لەم دۆخەدا زەمەنی گوتار لە زەمەنی بەسەرهات درێژتر دەبێت. جۆرێکی دیکەی وەسفیش هەیە پێی دەگوترێت: وەسفی جووڵاو. لەم جۆرەیاندا برگە وەسفییەکان ئاوێتەی برگەکانی گێڕانەوە دەبن و ناکرێت لەیەک جیابکرێنەوە. بە واتایەکی دی، وەسف هاوشانی گێڕانەوە بەڕێوە دەچێت.

هەر ڕۆماننووسێک نەزانێ ئەو شێواز و تەکنیکانە چۆن لە گێڕانەوەدا بەکاربهێنێ، باشترە خۆی لە قەرەی ڕۆمان نەدات، چونکە لە هەموو بارێکدا تەنیا دەتوانێت دەقێکی سەرنەکەوتوومان بۆ بنووسێت.

باسکردنی سەرجەم تەکنیک و بنەما هونەرییەکانی گێڕانەوە و چۆنیەتی نووسینی ڕۆمان، زۆر درێژەدەکێشێ، زۆر دژوارە لەم کورتە وتارەدا جێی بۆ بکەینەوە.